
# بە قسەی کێ مایرهۆلد پیتەر ڤایس ناناسێت ؟

فەخرەدین تاهیر



شانۆنامەی < لێکۆڵینەوە > لە ساڵی ١٩٦٦ دا لەسەر شانۆی دراماتن < شاهنشایی > لە ستۆکهۆلم نمایش کراوە .
ڕێژیسۆر : ئینگمار بێرگمان ، سینۆگرافیا . گونیلا ڤایس

دوا بە دوای ناخاوتن وفەرمایشتەکانی فەتاح خەتاب دەربارەی پیتەرڤایس کە لە ژمارە <٢٣٤١>ی ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ٢٧ -٣ -٢٠٠١ دا ، لە دوا لاپەرەی ڕۆژنامەی برایەتی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵی سازدرابوو ،ئەز بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستییەکان و ڕاستکردنەوەی هەڵە و ناتەواوییەکانی ناوبراو ، بەدواداچوونێکم بە وتارێک بەناوی < بە قسەی کێ پیتەر ڤایس لە سوید ناناسرێت ..؟ > لە هەفتەنامەی برایەتی ئەدەب و هونەری ژمارە <٢٣٤>ی ڕۆژی هەینی ١٣ - ٧ -٢٠٠١ دا ، بڵاوکردەوە . فەتاح خەتابیش گوایە بەنیازی بەرپەرچدانەوەی دیتن و ڕاکانی من دەربارەی پیتەر ڤایس ، کورتیلە وتارێکی لەهەمان هەفتەنامەی ناوبراودا لە ژمارە <٢٣٨>ی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٣-٨-٢٠٠١دا بەناوی < تەنانەت مایرهۆلدیش پیتەرڤایس ناناسێت ! > بڵاوکردۆتەوە .
ئەوەی شایانی باسە نیازم وابوو لەو ڕۆژانە بەرسڤی هەندێک لە دیتن و ناخاوتنەکانی خانوو نیگار قەرەداغی کە لە دیمانەیەکی تایبەت بە هەفتەنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر ، کە بە دوو بەش بڵاوکراوەتەوە ، بدەمەوە . بەڵام فەتاح مەجال نادات ، ئەوەندە هەڵە دەکا فەرامۆش کردنی پێم ستەمە ، بەتایبەتی عەرەبی هەیە ، دەڵێ : م السکوت الذهب ، بۆ کەس ڕاست نیێ بۆ فەتاح ڕاستە . هەر کە دەم بکاتەوە هەڵەیەک دەکا ، ئاشکرەوتن خوێنەرانی خۆشەویستی کوردستان بە چەواشەیی لە پیتەر ڤایس تێبگەن . هەر بۆیە دووبارە ئەم وەڵامە ڕاستانەی بۆ دەنووسمەوە ، بۆ ئەوەی ڕۆشنبیرانی کوردستان لە ڕاستییەکان بە ئاگا بن .
فەتاح خەتاب گوایە لە نووسینەکەیدا ، بەم شێوەیە بەرپەرچی دیتن و ڕاکانم دەربارەی شانۆنامەی < لێکۆڵینەوە >ی پیتەر ڤایس دەداتەوە ، کە من لە وتارەکەمدا نووسیومە : < ئەم شانۆنامەیە لەلای جوولەکەکان جێگای تایبەتی خۆی هەیە و جوولەکەکان هەر لەبەر ئەم شانۆنامەیە بایەخێکی تایبەت بە پیتەر ڤایس دەدەن ، ئەی بۆ نا پیتەر ڤایس کە خۆی جوولەکە بوو ، لەم شانۆنامەیەدا بەرگریەکی زۆری لە جوولەکە کردووە ، دوا ئەم شانۆنامەیە یەک ڕیەک مەبەست دەپێکێ و بێ سێ و دوو گوزارشت لە ڤران و جینۆسایدی دەکا > فەتاح لە وەڵامی ئەم چەند دێڕەی وتارەکەمدا نووسیویەتی : < ئێمەش کە ئەوە بۆ ٣٠ ساڵ دەچێ خەریکی لێکۆڵینەوە و نووسین و دەرهێنان و ڕەخنەی شانۆیین دەڵێین ، نەخێر ...
ئەم شانۆنامەیە لە ئەسڵدا لە ڕۆمانە ناسراوەکەی فرانز کافکاوە < کۆشک > ئامادە کراوە ،ئەم شانۆنامەیەش ، نە لە دوور و نە لە نزیک پەیوەندی بە پڕوپاگەندەی زایۆنیستەکانەوە نییە . پیتەر ڤایس پێش ئەوەندە نەفام و گێلۆکە و عەبەسی نەبووە یا خۆی لە بۆتەی زایۆنیزم حەشار بدات و لەگەڵ پڕوپاگەندەی زایۆنیزم هەڵبکات > .
بە قسەی فەتاح گوایە شانۆنامەی < لێکۆڵینەوە >ی پیتەر ڤایس لە ڕۆمانەکەی فرانز کافکاوە < کۆشک >

ئامادەکراوە . ئەز لە وەلامی ئەمەشدا دەبێژم ئەخێر لەوەشیان بە سەهوو چووی ، پیتەر ڤایس شانۆنامەی « لێکۆڵینەوە »ی لەچەند سەرچاوە و بەڵگەنامەیەکی مێژووی دەربارەی قڕانی جوولەکە لە جەنگی جیهانی دووەمدا ، یەکێک لەو کتێبانەش کتێبی « مرۆڤ لە کامپەکانی گاز »ی نووسەر « ئێلیە ئا . کۆهێن Elie A . Cohen » ئامادەکردووە . ئەم کتێبەش باس لە قڕان و جینۆسایدی جوولەکە لە کامپی ئاوشڤیچ لە پۆلۆنیا دەکات ، باس لەوە دەکا چۆن سەرانی بکوژانی نازی جوولەکەکانی ئەم کامپە بە گاز دەکوژن. ئەم شانۆنامەیە شانۆنامەیەکی دیکۆمێنتالە ، پیتەر ڤایس هەر خۆی لە پێشەکی شانۆنامەکەیدا باس لەوە دەکا کە چۆن ئەم دوکۆمێنتانە لە رووی مێژوویەوە لە سەر شانۆ بەرجەستە بکرێن . هەروەسا شانۆنامەی لێکۆڵینەوەی پیتەر ڤایس باس لە دادگایی کردنی بکوژانی جوولەکەی کامپی ئاوشڤیچی پۆلۆنیا کە لە ساڵی ١٩٤٦ دا لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا دادگایی کران دەکا . هەربۆیە ئەم شانۆنامەیە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە رۆمانی « کۆشک »ی کافکاوە نییە . بەڵام دوا

شانۆنامەی پیتەر ڤایس بەناوی دادگایی نوێ Den nya processen بەساڵێک پێش مردنی لە « ١٩٨١» دا نووسیویەتی و لە « ١٢»ی ئاداری ساڵی « ١٩٨٢ » دا لە سەر شانۆی دراماتنی شاهنشاییKungliga Dramaten لە شاری ستۆکهۆلم لە دەرهێنانی پیتەر ڤایس خۆی بوو . بەڵێ شانۆنامەی « دادگایی نوێ »ی پیتەر ڤایس لە



شانۆنامەی « دادگایی نوێ » نووسین و دەرهێنانی پیتەر ڤایس ، لە ١٢ی ئاداری ١٩٨٢ دا لەسەر شانۆی دراماتن لە شاری ستۆکهۆلم نمایش کراوە.

رۆمانی « دادگایی کردن »ی کافکاوە ئامادە کراوە ، نەک شانۆنامەی « لێکۆڵینەوە » لە رۆمانی « کۆشک »ی کافکا ئامادەکرابێت . پیتەر ڤایس بە دوو مانگ دوای نمایش کردنی « دادگایی نوێ » ، لە رێکەوتی «١٠»ی مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٨٢ دا لە شاری ستۆکهۆلم ماڵئاوایی کردووە . هەرهەمان شانۆنامە لەسەر شانۆی «Theater an der Ruhr »ی شاری بەرلینی رۆژئاوای ئەوسا لە ساڵی ١٩٨٣ دا لە دەرهێنانی رۆبێرتۆ سیبولی نمایش کراوە . بێگومان ئەمەشیان یەکەمجار نییە ، ئەو رۆمانە بۆ شانۆ ئامادە بکرێت .

پیتەر ڤایس لەم شانۆنامەیەیدا قڕکردنی جوولەکەی لە کامپی ئاوشڤیچ وەک مەسەلەیەکی مرۆڤانە لە فۆرمی دۆکۆمێنت باس کردووە . ناوی کاربەدەستان و دکتۆرەکان و ئەفسەر و لێپرسراوەکان وەهەروا هەموو ناوی کۆمپانیا و دەزگاکانیش بەناوی راستیانەوە وەک لە دادگای فرانکفۆرتی ١٩٤٦ دا تۆمار کراون ، تۆمار کردوون ، ئیتر کافکای چی و کۆشکی چی ..!! گومانم لەوەدا نییە کە زایۆنیستەکانیش پروپاگەندە و زێدەرۆیی زۆریان دەربارەی کارەساتی جوولەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان کردووە . چونکە حەقیقەتی کارەساتێک لە رووی مرۆڤایەتیەوە شتێکە و لەلای دامودەزگای سیاسیش شتێکی تر . ئەم جۆرە پروپاگاندانە لە دیدی زایۆنیستەکانەوە ، تارادەیەک پێی دەوترێت پیشەسازی هۆلۆکۆست . بەڵام ئەمەش نابێ ببێتە بەهانەیەک بۆ نینکاری کردن لە کارەسات و تراژیدیای جوولەکە . بێگومان نکۆڵی کردن لە قڕانی جوولەکە وەک ئەوە وایە نکۆڵی لە ئەنفال کردنی کورد بکەی ، کە بە هەمان مەبەستە . لەمەشیاندا فەتاح بۆمان دەسەلمێنێت کەوا نە شانۆنامەی « لێکۆڵینەوە » و نە « دادگایی نوێ »ی نەخوێندۆتەوە و سەرەرای بێ ئاگایی لە هەردوو رۆمانەکەی کافکا « کۆشک و دادگای کردن » . بۆ پاساودانی هەڵەکانی خۆی دەست دەکا بە موزایەدە کردن و بە مەبەستێکی خراپ بۆچوونەکانی من هەڵدەگێرێتەوە ، ئاشکراشە قسە هەڵگێرانەوە بە دەستی ئەنقەست جۆرێکە لە درۆ کردن . گوایە ئێمە لە وتارەکەماندا پروپاگاندەی زایۆنیزمان بەنێوی پیتەر ڤایسەوە کردووە . لەبەرئەوەی فەتاح لە دیدی دۆگماتیزمانەی ستالینستانەی بە سەرچوو

بیردەکاتەوە . فەتاح خەتاب دەربارەی پیتەر ڤایس هیچ زانیارییەکی ئەوتۆی پێ نییە ، ئەوەندەی لەبەر دەستیشی دایە بەسەقەتی پێمان دەفرۆشێت . کێ دەڵێ پیتەر ڤایس ئێستاکە لە ژیان بمابایە لەوانەیە داکۆکی لە کێشەی رەوای گەلی کوردیش بکردبوایە ، بۆ نا ئەو بۆ مرۆڤایەتی دەینووسی و خەباتی دەکرد . لای ئەو مرۆڤ هەر مرۆڤە ، جا چ جوولەکە بێ یان ڤێتنامی یان کورد یان ئەفریقی و...هتد ، ئەمەشیان لە کار و نووسینەکانیدا رەنگی داوەتەوە - وەک شانۆنامەکانی ‹ سروودی ئینگۆلا ، وتووێژ دەربارەی ڤێتنام ، دادگایی نوێ ، ترۆتسکی لە تاراوگەدا ، لێکۆڵینەوە ...هتد › . بەڵام تێروانینی بۆ کێشەی مرۆڤایەتی لە دیدی ڤایس خۆیەوە، نەک لە دیدی فەتاح سەرچاوەی دەگرت . هەروا وەک چۆن شانۆنووسی جوولەکەی بەریتانی هارۆلد پینتەر لەسەردانێکی بۆ باکووری کوردستان ، لە گەڕانەوەیدا شانۆنامەی ‹ زمانی چیا › ی نووسی و ئەو شانۆنامەیەش چەند ساڵێک لەمەوبەر لە شانۆی دراماتی شاهنشایی لە ستۆکهۆلم نمایش کرا ، پێشتریش لەسەر شانۆی نەتەوەیی National theatre لە لەندەن پێشکەش کرا .. کە باسی لە کێشەی رەوای گەلی کورد دەکرد . ئەم شانۆنووسانە لە دید و بۆ چوونی مرۆڤایەتییەوە ئەم جۆرە شانۆنامانەیان نووسیوە . نەک لە دید و بۆ چوونی زایۆنیستانە . هەروەک فەتاح موزایەدەی پێوە دەکا . بەداخەوە زایۆنیستەکان نەک گێلۆکە و عەبەسی نین بگرە ئابووری ئەم جیهانە هەڵدەسوڕێنن و کۆنترۆلی زۆربەی بانکەکانی سویسرا دەکەن ، سیاسەتی ئەمریکاش هەڵدەسوڕێنن ، لەگەڵ هەموونەمانەش فەتاح لە هەولێر ئەوەندە زیرەکە ئەوان بە شاگرد ناناگرێت و بگرە بە گێلۆکە و عەبەسیش لە قەڵەمیان دەدا . ئەو هەموو وڵاتە عەرەبییە هەندە داد و بێدادیانە لە دەستیان ، چونکە ئەوان وەک لۆبییەکی بەهێز کار بۆ بەهێز کردن و پێشڤەچوونی دەوڵەتی جوولەکە دەکەن .

فەتاح لەبڕگەیەکی نووسینەکەیدا دیسان موزایەدە دەکا و دەڵێ : ‹ هونەرمەندە مارکسییەکان لە هەموو جیهان بە گشتی و لە فەلەستین و عیراق و میسر بە تایبەتی ، بۆ رادەربڕین و نواندنی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە هەمیشە پەنایان بردۆتە بەر نووسینەکانی ئەم نووسەرە بلیمەتە . تۆ بڵێی سەعدوڵڵا ونووس و کەرم متاوع و سەعد ئەردەش و سامی عەبدولحەمید و سەباح عەبدولرەحمان و من کە لە ساڵی ۱۹۸۵ دا شانۆنامەی ‹ ئازارەکانی مۆکینپۆت › م لە یەمەنی دیموکراتی دەرهێنا ، نەمانزانیبێت پیتەر ڤایس کێیە و چی لەبەر دایە ؟ › جارێ بۆ بیرو باوەڕە مارکسییەکەتان تەنێ هەر پیرۆزی خۆت بێ . یان ناو هێنانی کۆمەڵێک هونەرمەندی گەورەی عەرەب و هەروەسا هونەرمەندی ناوداری هەولێر مامۆستا سەباح عەبدولرەحمان ، جارێ ناوی ئەو هەموو هونەرمەندە عەرەب و کوردەی هێناوە و بەزۆرداری کردوونی بە ئەندامی حیزبی شیوعی ، کە هیچیان شیوعی نەبوون . مامۆستا سەباح هونەرمەندێکی نیشتمانپەروەری کوردە و بەس . ئەو مافە بەخۆشم دەدەم کە لەجیاتی مامۆستای بەرێزم بدوێم و دەبێژم کە لە بژاڤی بنیاتنانی شانۆی کوردی لە هەولێر لەگەڵ چەند مامۆستایەکی دیکەی هونەرمەند کە بریتین لەم بەرێزانە ، مامۆستایان ‹ تەلعەت سامان ، فەرهاد شەریف ، سەعدون یونس › چ لە هەولێر چ لە کوردستان رۆڵی دیار و بەرچاویان هەبووە . سەیر لەوەدایە فەتاح ناوی خۆی خستۆتە پاڵ ئەوگەورە هونەرمەندانەی کورد و عەرەب . ئەمەیان تاوان و گوناهێکی گەورەیە ، چونکە فەتاح خاوەنی هەر شتێک بێت خاوەنی ئەو بەهرەیە نییە ، لەبەر ئەوەی تەنیا لە خەیاڵ پڵاوی خۆیدا وا خۆی دەبینێ . لە دەرەوەی خۆشیدا کەس ئەوی وا شرۆڤە نەکردووە، ئەو دەردەی فەتاح تووشی هاتووە بە عەرەبی پێی دەڵێن ‹ جنون العظمە › ، فەتاح تەنیا جنونەکەی هەیە نەک ‹العظمە› کە . دەربارەی شانۆنامەی مۆکینپۆت Mockinpott ش کە ئەو بە هەڵە ناوەکەی نووسیوە ، ‹مۆکینپۆت نییە و مۆکینپۆت ›ە ، ئەمەشیان یەکێک نییە لە شانۆنامە باشەکانی ڤایس و هەتا هەنووکەش بەدەگمەن لە ئەورووپا خراوتە



شانۆنامەی ‹ مۆکینپۆت › لە ڤۆلک تیاتری شاری رۆستۆک لە ئەڵمانیا لە ۲۷-۱۱- ۱۹۷٦ دا نمایش کراوە.

سەر شانۆ ـ هەر بۆنموونە و بەس : لە ١٦ی مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٦٨ دا لەشاری هانۆڤەری ئەڵمانیا نمایش کراوە و لە دەرهێنانی هورست زانکل بوو . بۆ جاری دووەمیش لەسەر شانۆی ڤۆلکس تیاتر Volkstheater لە ڕێکەوتی ٢٧ی نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٧٦ دا لە شاری ڕۆستۆک لە ئەڵمانیا نمایش کراوە . ئەم شانۆنامەیە تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبرەوە ، چونکە زۆر شانۆنامەیەکی ڕاستەوخۆیە . دەرهێنان و نمایش کردن و خستنە سەر شانۆی ئەوەندە قورس نییە .

فەتاح دەیەوێ بە شانۆنامەی مۆکینپۆتەوە خۆی نیشان بدات کەوا پیتەر ڤایس باش دەناسێت و هەربۆیە دەبێژێت : «من کە لە ساڵی ١٩٨٥ دا شانۆنامەی ئازارەکانی مۆکینپۆتم لە یەمەنی دیموکراتی دەرهێنا . نەمزانییێت پیتەر ڤایس کێیە و چی لەبەر دایە ؟» ئەگەر فەتاح ئەم شانۆنامەیەی لە یەمەن بە ڕاست دەرهێنا بێ . بەڵگەی بۆ قسەکانی چییە ..؟ نێ خۆ ئێمە لەوێ نەبووین ، چووزانین چەند قسەکانی فەتاح لە ڕاستییەوە نزیکن .. یان بە قسەی کێ یەمەن وڵاتێکی دیموکراتی بووە ..؟من تەنیا ئاخاوتنێکی سەرکردەیەکی کۆمەنیستی عەرەب لە کۆڕێکدا لە مۆسکۆ بەیاد دەهێنمەوە کە وتویەتی : «فی الیمن لیست هنالک احزاب مارکسیە ، بل هنالک قبائل مارکسیە ..!!» لەوانەیە فەتاح لە حەفتاکان پیتەر ڤایسی بە عەرەبی خوێندۆتەوە ، خۆ لەو کاتانەش و ئێستاش هەموو شتێک لە سەر ڤایس نەکراوەتە عەرەبی ، بۆ نموونە پێموانییە شانۆنامەی لێکۆڵینەوە کرا بێتە عەرەبی ، چونکە شانۆنامەکە جینۆسایدی جوولەکە مەحکوم دەکا ، هیوادارم بە هەڵە داچوویم . ئەوەی کراوتە عەرەبی هەر هەندێکی لێ خوێندۆتەوە ، لەوانەش هەندێکی لە بیر چووە و کەمێکیشی لە بیر ماوە . ئەگەر بە سویدیش لەسەری خوێندبێتەوە ، لەمەشیان دڵنیام کە کەمێکی خوێندۆتەوە ، لەو کەمەشیان هیچی لێتێنەگەیشتووە، دووبارەی دەکەمەوە کە فەتاح سویدی نازانێت بۆ ئەوەی بشیسەلمێنم کە ئەو سویدی نازانێت هەر ئەو ڕێزە سویدیەی خۆی بەنموونە دەهێنمەوە کە لە کورتیلە وتارەکەیدا ، نووسیویەتی :

Jag bodde i sverige i40 år men Jag känner mig som en främmande fågel

سەیر لەوەدایە فەتاح وتەکەی پیتەر ڤایسی بەهەڵە گواستۆتەوە، بەکەیفی خۆشی دایرشتۆتەوە ، لەوەش سەیرتر ئەوەیە دارشتنەکەی خۆشی بە هەڵە کردۆتە کوردی ، کە نووسیویەتی : «من ئەوە ٤٠ ساڵە لە سوید دەژیم ، کەچی خۆم وەک جۆلەکەیەکی ئامۆ دێتە بەرچاو» . ڕاستیەکەی دەبێت بەم شێوەیە بکرێتە کوردی : «من ٤٠ ساڵ لە سوید ژیام ، بەلام من وا هەست دەکەم ، باڵندەیەکی ئامۆم» .

لە ڕاستیدا کاتێک وا دەگوترێت ئەگەر ڤایس هەر تەنیا ٤٠ ساڵ لە سوید ژیا بێت ، خۆ ناشکرێ بڵێین ئەو فەرمایشتەی پاش مردنی بە فەتاح ڕاگەیاندووە . ڤایس تا ماڵئاوایی کردنیشی هەرلە سوید ژیا . فۆگل Fågel باڵندەیە نەک جۆلەکە . جۆلەکە بە سویدی پێی دەگوترێ «گرۆ سپارڤ grå sparv» لە سوید نزیکەی «٢٥٠» جۆرە جۆلەکە هەیە . هەر جۆرە جۆلەکەیەکیش ناوی تایبەتی خۆی هەیە ، بە سەرجەمی هەموشیان دەوترێت فۆگل Fågel واتە : باڵندە یان مەل . فەتاح لەمەشیاندا وەک منداڵ بیردەکاتەوە و دەیەڤێت ، چونکە منداڵ بە هەموو باڵندەیەک دەڵێ جۆلەکە ..!! لە ڕاستیدا پیتەر ڤایس بەم شێوەیە بە زمانی سویدی لەو کتێبەی کە لەسەر کار و بەرهەمەکانی ڤایس لەلایەن گونیلا ڤایس و یورگن سیهونە نووسراوە و لە ساڵی ١٩٩١ دا لە ستۆکهۆلم لە چاپدراوە ، لەلاپەرە «٣٢»ی ئەم کتێبەدا و لە دێری یانزەهەمدا پیتەر ڤایس بەم شێوەیە تەعبیری لەنامۆیی خۆی کردووە و وتویەتی :

" I Sverige är jag fortfarande , trots att jag bott här i 40 år , en främmande fågel "

مانای ئەم وتەیەش بەم شێوەییە ، کە دەڵێ : «من لە سوید تا هەنوکەش ، هەرچەندە ٤٠ ساڵە لێرە دەژیم ، باڵندەیەکی ئامۆم» . هەر ئەمەش وای لێکردم دوبارە پێی بڵێم کە کۆرسێکی زمانی سویدی بە پەلە وەربگرێت.

یان نووسیویەتی : «بۆ زێدە زانین دەمەوێ بە هونەرمەندی گەورەمان بڵێم . لەو کاتەی کە من و ئەکتەرانی تیپی شانۆی درامای کوردی لە سوید پرۆڤەمان لەسەر دوا تابلۆی ئازارەکانی مۆکینپۆت دەکرد ، من بە شەخسی خۆم لە دیدارێکی تایبەتدا گونیللە ڤایسم بینی و و داوای ئامۆژکاری و سەرپەرشتیم لێ کرد لە پرۆسەی دەرهێنانی ئەم شانۆنامەیە ، کە ماوەیەکی زۆر بوو پرۆڤەمان لەسەر دەکرد و ... هتد .

سەیرە فەتاح لە زۆر بۆنەدا ئەوەی دوپات کردۆتەوە ، کە گوایە تیپێک هەیە لە سوید بە ناوی تیپی درامای کوردی ، لێرەدا بە پێویستی دەزانم خوێنەرانی هەفتەنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر دڵنیا بکەمەوە کەوا هیچ تیپێکی شانۆی لە سوید نەبوو و نییە ، ناوی تیپی شانۆی درامای کوردی بێ . تەنیا ئەگەر لە مێشکی ئەودا ئەم تیپە هەبێ ، دەربارەی ئەو دیدارەی ئەو لەگەڵ گونیلا ڤایس باسی لێوە دەکات ، ئەگەر ڕاست بێت ئەوە وەرگێرێکی لەگەڵ بووە ، چونکە فەتاح لە زمانی عەرەبی و کوردی و تورکمانی ئەویش بە سەقەتی دەیانزانێت ، هیچ زمانێکی زیندووی ئەوروپایی نازانێت . تەنانەت زمانی وتارەکەی زمانی خۆی نییە ، لەو باوەڕەدام کەسێ ئەگەر بۆ «٥» دەقیقە لە گەڵ فەتاح پەیڤیبێت دەزانێ کەسێکی دی ئەو وتارەی بۆ نووسیوە . ئەز مەزندە دەکەم ئەو کەسە کێ بێ ..!! بەلام نامەوێت لە باسەکەم دەربچم . بڕواش ناکەم گونیلا ڤایس عەرەبی و کوردی و تورکمانی زانیبێت ، تا ئەو ساتە بە

یەکێک لەو زەمانانە گفتوگۆی لەگەڵ فەتاح کرد بێت . ئەگەر وەرگێڕیشی لەگەڵ نەبوو بێت ئەوە دیارە فەتاح بە نمایشی پانتۆمایم گونیلای تێگەیاندووە. لەوەشیان هەر باوەڕ ناکەم . چونکە باش دەزانم لە کاری نواندنیش دا بێسەوادە . گریمان گونیلای بینیوە ، ئەوکاتە ئەم قسەی فەتاح ئەوەندە راستە ، بەقەد ئەوەی دەڵێ : « غەریباتی مردنە ئامادە نیم جارێکی تر ئاوارە ببمەوە .. » . ئەگەر فەتاح ئەگەڕایەوە هەندەران ، ئەوە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ گونیلا ڤایس راستە ...

فەتاح خەتاب وانیشان دەدات گوایە زۆر کاری شانۆیی لە سوید بە ئەنجام گەیاندووە ، بەڵام بۆ ئەوەی هونەرمەندان و هونەردۆستان بزانن ئاویراو تەنیا و تەنیا یەک تاکە شانۆنامەی نمایش کردووە بە ئێوی « کلکی مار » ئەمەشیان دوو رۆژێک نمایش کراوە و هەر تەنیا « ٢٠ » کەسێک بینیویەتی . شانۆگەریەکە ئەوەندە فاشیل بوو ، کە تا ئێستاش لە زەینی بینەرانی دا هیچ ئاسەوارێکی بەجێنەهێشتووە . بینەرێک دەیووت ئەگەر شانۆگەریەکە گریمان « ٤٠ » هەزار ووشە بێ ، نزیکەی « ٣٥ » هەزاری هەر جنێوی رووت بووە . ئەمەش بەنیسبەت فەتاحەوە سەیر نییە . چونکە لە حیکاتی شارێکیش دا هەروای کرد . هەر کارێکیشی کردبێ لە دوماهیدا بە شەڕ کۆتایی پێ هێناوە . یان دەبێژێت گونیلا ڤایس گوایە وتویەتی : بەڵێ وابوو ئێمە هەردەم ئابلووقەی کولتووریمان لەسەر بووە ، پیتەر ڤایس لەدەرەوەی سوید بتریان دەناسی و .... هتد .

جاری پێش هەر شتێک ئەوی لە سوید ژیا بێت دەزانێت ئەو قسانەی فەتاح لە راستییەوە دوورن ، من نامەوێ پروپاگەندە بۆ سوید بکەم ، یان ببێژم سوید و تاراوگە بە هەشتی سەر رووی زەمینن ، هەر ئەوەندە دەڵێم مرۆڤ لە سوید ژیانی سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتی پارێزراوە ، دەتوانێت ئازادانە چی بیەوێت بیکات . گومان لەوەشدا نییە کە پیتەر ڤایسیش وەک نووسەرانی سویدی ئۆگوست ستریندبێرگ و ستیک داگرمان و زۆری دیکە تووشی تەنگژەو دژواری نەبووبێت . دیارە ڤایسیش وەک هەر مرۆڤێکی ئاوارە ژیانی بە دژواری و ناخۆشیەوە بووراندووە . برێختیش لە تاراوگە لە سوید و فینلەندا و ئەمریکادا ژیاوە بەڵام تاراوگە بۆ ئەوەیش هەنگوین و دۆشاو نەبووە .

پیتەر ڤایس کە سێ کۆنگرەی گەورە دەربارەی بەرهەکانی بە گشتی و ئێستاتیکای بەرکری بە تایبەتی لەسەرگیردرا بن . چۆن کەس لە سوید نەیناسیوە ، ئەو قسانە تەنیا قسە ی رووت و بێ بەڵگەی فەتاحن ، بۆ ئەوەی نیشانی خەڵکی کوردستانی بدات ئەو زۆر ئاگای لە بزاڤی هونەری و ئەدەبیاتی ئەوروپایی بە گشتی و سویدی بە تایبەتی هەیە . بێگومان کە دەڵێین سێ کۆنگری لەسەر گیردراوە ، مانای ئەوە نییە هەر بەسەر بەرزێ وباڵای ڤایسیان هەڵگوتبێت و بەس ، ئەخێر لەو سێ کۆنگریەدا رەخنەی توندو تیژیشی لەلایەن ئامادەبووانی کۆنگرەوە ئاراستە کراوە ، لەوانە وتویانە پیتەر ڤایس هەتا ئێستاکە لە روانگەی مارکسیستی لینینزمەوە دەروانێتە ئایندەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، کە لە بەشی زۆری بەرهەکانیدا رەنگیداوەتەوە . هەروا پیتەر ڤایس خۆشی لە شانۆنامەی ترۆتسکی لە تاراوگە دا Trotskij I exil رەخنەی توندی ئاراستەی بکوژانی ترۆتسکی و ستالینیزم کردووە . جاری فەتاح زۆری ماوە لەم شتانە تێبگات . کەسێک سویدی بە سەقەتی بزانێت هەڵبەتە ئاگای لە کولتووری ئەو وڵاتەش نابێت ، ئەگەر ئاگاشی لێ بێت بە پەرەوازی تێیگەیشتووە .

فەتاح دەنووسێ : « بەڵگەی دووەمی فەخرەدین جاف ئەوەیە کە چەند نموونەیەکی لە ساڵی شەستەکانەوە هەڵبژاردوە . ساڵی ٦٦ ، ٦٧ ، ٦٥ ، و هەمدیس لە ساڵی ٦٦.

جاری لە پێشدا وەڵامی ئەو ئازناوە ئادەمەوە کە بە « جاف » ت ناوزەد کردووم ، ئەمەیان بۆ دوایێ . من نموونەی شەستەکانم هێناوەتەوە ، بۆ ئەوەی فەتاح و خوێنەران تێبگەن کە پیتەر ڤایس « ٣٦ » ساڵ لەمەوبەر لەلای سویدییەکان ناسراوە . ئەگەر من باسم لە ساڵانی شەستەکانی پیتەر ڤایس کرد بێت ، دیارە ئاگاشم لە ساڵانی ئەو دواییەی هەیە . چونکە لە نووسینی پێشووم لە دەستپێکدا باسی شانۆنامەی « لێکۆڵینەوە » م کردووە کە ئێستاکە لە زۆربەی شارەکانی سوید نمایش دەکرێت .

فەتاح لە دەستپێکی ئەم پەرەگرافەیدا ناومان دەنێ فەخرەدین جاف ، جاری ناو گۆڕینی مرۆڤ لە رووی یاساییەوە قەدەغەیە . من قەد رێگا بە خۆم نادەم ، ئەو بکەم بە فەتاح عەباس یان فەتاح یوسف ، چونکە هەروەک وتم لە رووی یاساوە قەدەغەیە . بۆ من جێگای شانازییە ئەگەر کەردی یان ئۆمەربل یان جاف بم ، چونکە هەموویان هۆزی کوردین ، هەر یەکێک لەو هۆزە کوردانەش بە دەیان و سەدان قارەمان و زانا و ناوداریان تێدا هەڵکەوتووە . جاف بم باشترە ، نەک تورانی بم . یان دەڵێی : « هەروەک بڵێی لە سەنتەری کولتوری سوید دانیشتبێت و خەریکی لەبەر گرتنەوەی ئەم دیکۆمێنتە مێژووییانە بێت » .

خۆ من وەکو تۆ ژیانی خۆم بە هەدەر نەچوواندووە . هەوڵمداوە فێر ببم ، فێری شتی تازە بم ، وەک تۆ کۆڵەوار نیم لە سوید فێرە هیچ نەبم ، سوید بۆ من قوتابخانەیەکی گەورەیە فێرە زۆر شتی کردووم . نەک وەک تۆ وەک مێزی حوشتر رۆژ دوای رۆژ بۆ دواوە بگەڕێمەوە .

فەتاح دەڵێ : « من خۆم وا فێرکردووە کە ئەوەی دەیزانم و بیستومە هەر ئەوە بڵێم ، نەک لە سەرچاوەی کوردە سویدییەکان قەرز بکەم » .

بەشی یەکەمی ئەو فەرمایشتەی فەتاح سەد لە سەد راستە . ئەوەندەی من ئاگاداریم فەتاح بۆ یەکەمجارە

رستـەیەکی راست بڵێ . هەر ئەوە دەڵێـتـەوە کە دەیزانێ و بیـسـتـوویەتی ، هـەرگیـز نایگۆڕێت . ئەم پێداگرتن و دەمارگیرییە ، بەڵگەی جەهلی فەتاحە لە بنچینەکانی دیالیکتیک و مەتریالیزمی مێژوو ، سـەرەرای ئەوەش نیشانەی دوگماتیزمی چەق بەستووە .

یەکێک زمانی ئەو وڵاتە بزانێت ، وابزانم پێویستی بە فەرزکردنی سەرچاوەی کوردی سویدی نییە ، ئەمڕۆ ڕۆژ ڕۆژی ئینتەرنێت و جیهانگەراییە ، هەر کەسێک لە کونجێکی ئەم دونیا پان و بەرینەدا دەتوانێت لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە هەر لە ماڵ دابنیشێت و هەموو جۆرە زانیارێک بە دەست بهێنێت . ئەگەر تەنانەت ئێستا لە کوردستانەوە سەیری ئینتەرنێت بکەیت و هەر تەنیا کۆدی پیتەر ڤایس لێبدەیت ، هەموو زانیارییەکت لەسەری دێتە بەردەست . ئەو کاتە دەتوانی دەیان بابەتی باش لەسەر ڤایس بنووسی . بەڵام هەمدیسان ترسی ئەوەم هەیە بەسەقەتی باسی لێوە بکەی چونکە هەر دەبێ زمانێکی زیندووی ئەورووپایی بزانێت . دیسان ناچارم دەکەیت جارێکی دیکە بەرپەرچت بدەمەوە ، هەر لەبەر هەندێ ناخوازم خەڵکی کوردستان زانیارییەکانیان بە سەقەتی بکاتە دەست . بەڵێ من بۆ تێگەیشتن لە چەمکی فەزای بە تاڵ ، گەلێ سودم لە نامیلکەی ‹ شانۆ ... روانینی نوێ .. داهێنان › وەرگرتووە . لەراستیدا تێگەیشتنم لە چەمکی فەزای بە تاڵ بێ سێ و دوو ڕێگای بۆ خۆش کردم کە تێبگەم لە مێشکی بە تاڵ .

پان ئەگەر ئاماژەی بە نامیلکەکەی مامۆستایان مەحموود زامدار و ئازاد عەبدولواحید داوە ، کە دەمەتەقێیکی بەر فرەوان لەگەڵ دکتۆر فازڵ جاف بەنێوی ‹ شانۆ .. روانینی نوێ .. داهێنان › سازدراوە کە ریژیسۆر و پسپۆرە لە شێوازی مایرهۆلد لە شانۆ دا . بەڵێ ئەم نامیلکەم باش خوێندۆتەوەو باشیش لێی تێگەیشتووم ، نەک تەنیا بۆ من بۆ هەر شانۆکارێکی کورد پێویستە بیخوێنێتەوە فێری بێت ، چونکە پێموایە بەکەڵکترین وبە سوودترین نامیلکەیە هەتا ئێستاکە دەربارەی شانۆ بە کوردی چاپ کرابێت . سەیر لەوەدایە یەکێک خۆی بە لێکۆڵەرەوە بزانێت ، کە ئاماژە بەسەرچاوەیەک بکات ، گەرەکە ناوی سەرچاوەکە بە دروستی بهێنێت ، نەک لەمەشیان هەربەدەستی ئەنقەست ناوی سەرچاوەکە سەقەت بکات . کە نووسیویەتی نامیلکەی ‹ شانۆ .. روانینی نوێ .. داهێنان › ی مامۆستا مەحموود زامدار . هەروا دەبێژم مایرهۆلد باش پیتەر ڤایس دەناسێت و زۆر بەباشی لە بزاڤی شانۆی جیهانی بە گشتی و سویدی بە تایبەتی گەیشتووە ، باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی قسەکانم ئەو وەرشە هونەرییانەیە لە سەر شێواز و میتۆدی شانۆی مایرهۆلد نمایشیان دەکا . هەروا راهێنانی بە دەیان قوتابی بەکالۆریۆس و ماجستر لە زانکۆکانی بەریتانیا و سوید و مەغریب دەکا ، لەسەر دەستی ئەویشدا میتۆدی تازەی شانۆ فێر دەبن ، کە فەتاح بە خەونیش نایبینێت . مایرهۆلد یەکێکی وەک فەتاح نەک وەک قوتابی بەڵکو وەک سەبانیش راناگرێت . ئەوەی هەتا ئێستاکەش پیتەر ڤایسی نەناسیوە تەنیا فەتاحە ، دوایش پیتەر ڤایس نووسەرێکی ئەوەندە قورس نییە کە خەڵک نەیناسێت ، لەمەشیان تەنیا فەتاح لێی بۆتە فەیلەسوف . خۆ ئەگەر پیتەر ڤایس وەک نووسەرێکی سۆسیال ریالیست سەیر بکرێ ، دەبێ بە قەولی مامۆستا مەسعود مەحەمەد جیتی عەمەلەش لێی تێ بگە . دەوجا چۆن مایرهۆلد لێی تێ ناگات . جا کەی ئەوکاتەی باری دەروون و سایکۆلۆژی فەتاح تۆزێک ئارام بۆ وە و کۆرسێکی زمانی سویدی وەرگرت و فێری سویدی بوو ، ئەو کاتە بەرهەمەکانی پیتەر ڤایس بخوێنێتەوە و تێبگات ، ئەوجا راستی قسەکانمی بۆ دەردەکەوێت . فەتاح لەپەرەگرافێکی دیکەی نووسینەکەیدا نووسیویەتی : ‹ ئێمەش کە ئەوە بۆ ٣٠ ساڵ دەچێ خەریکی لێکۆڵینەوەو نووسین و دەرهێنان و رەخنەی شانۆیین دەڵێین ، ئەخێر و ..هتد › . جارێ هەر لەبەرسفی دەستپێکی ئەو چەند دێرەیدا دەبێژم : بە قسەی کێ تۆ لێکۆڵەرەوە و رەخنەگری شانۆی .. ؟ خۆ تۆ دەرچووی هیچ ئەکادیمیایێکی هونەری نیت ، هیچ شەهادەیەکی بەرزی هونەریشتان بە دەست نەهێناوە ، تا وەک لێکۆڵەرەوەیەکی شانۆیی خۆت ناونووس بکەی . یەکێک دەبێ بە لێکۆڵەرەوە لە شانۆ دا ، ئەو کەسە دەبێ ئەکادیمی بێت ، موخابن تۆ ئەمەشیانت لێدەرنەچوو . باشە من دەڵێم کوا لێکۆڵینەوەو رەخنەکانتان لە کوێ بڵاوتکردونەتەوە ؟ بۆ ئێمە هەتا ئێستا هیچمان نەبینیوە و نە خوێندۆتەوە ، لەو باوەڕەدام هەر خەیاڵ پڵاو بن ، وا هەست بکەن پسپۆڕێکی ئێجگارمەزنن لە بواری شانۆدا ئەوجا هەر لەبەر هەندێ ئەوجارەش دەبێژم ئەخێرتۆ هیچیان نیت . دەربارەی ئەو شانۆنامانەی لە کاتی خۆی لە هەولێر نمایشت کردوون ، هەمووهونەرمەندان و هونەر دۆستان ئەو راستیانەیان باش لە بیرە ، کە نمایشەکانی تیپی شانۆی هونەری نوێ ی بەغدا ئان بەبێ هیچ رتووش و دەستکارییێک دەگواستەوە بۆ هەولێر . زۆر چاکم لە بیرە ساڵی ١٩٧٨ بوو کە شانۆنامەی پێشەنگاتان نمایش کرد ، هەر بەماوەیەک پێشتر تیپی شانۆی هونەری نوێ لە بەغدا شانۆنامەی ‹ رحلە صحون طائر › یان نمایش کردبوو ، کە دوو کەڵە ئەکتەری گەورەی عیراقی قاسم مەحەمەد و سامی عەبدولحەمید ڕۆڵیان تێدا دەبینی و شانۆنامەکەش لە دەرهێنانی ئیبراهیم جەلال بوو ، هاوکات من و نازم دڵبەند و سەلام مەحموود عەدۆ و سەمیر عەبدۆک لە بەغدا ئەو شانۆنامەیەمان بینی ، چەند ڕۆژێک پێشتریش فەتاح هەمان شانۆنامەی لە بەغدا بینی بوو بە ماوەیەکی زۆر کورت شانۆنامەی پێشەنگای لە هەولێر نمایش کرد . من و ئەو برادەرانی ناوم بردن نمایشی پێشەنگاکەمان لە هەولێر بینی . بێگومان هەمان شێوازی دەرهێنانی ئیبراهیم جەلالی بە دیکۆرەوە بەبێ زیاد و کەم ، بەڵام بە سەقەتی و بەشێواوی لە نمایشەکەی خۆیدا لە هەولێر بەرجەستە کردبوو . نازم دڵبەندی شاعیر و ڕۆژنامەنووس وتارێکی رەخنەیی لەسەر شانۆنامەکە لەهەفتەنامەی پاشکۆی عیراق

بڵاوکردەوە ، زۆر بە ڕاشکاوی دزینەکەی فەتاح خەتابی خستبووە ڕوو . هەمان دزیەتی دووبارە کردەوە لە شانۆنامەی < ئەو پیاوەی بوو بە سەگ > ، کە قاسم مەحەمەد لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا نمایشی کرد بوو . تەمەنی ٣٠ ساڵەی بە هەدر چووی فەتاح بریتییە لە هەڵچوون و داچوونی سایکۆلۆژی توند و دەرمارگرژی ، شەڕ و جنێو فرۆشتن و موهاتەرات . هەمدیسان فەتاح نیگەرانی خۆی نیشان دەدات کە گوایە پێشنیازم بۆ کردووە، کە پرۆژەی نووسینەکەی خۆی دەربارەی شانۆی پارتیزانی دوابخات وکۆرسی زمانی سویدی بخوێنێت ، دوای خوێندنەوەی پیتەر ڤایس و تێگەیشتنی بەتەواوی ئەو کاتە پرۆژەکەی دەست پێبکات ، یان هەر دەتوانێت لەهەولێر بینووسێت و نەگەڕێتەوە سوید ، چونکە بابەتی وا پەیوەندی بە پیتەر ڤایسەوە نییە . ئەگەر هەر لەسەر موزایەدەکانیشی بەردەوام بێ ، ئەوە بێسوودە و ئاسنی سارد دەکوتێتەوە ، چونکە سۆڤیێتی المرحوم نەماوە ، لەگەڵ نەمانی سوڤیێتی المرحومیش گەلی کورد لە باشووری کوردستان ، خۆی حوکمڕانی خۆی دەکات . بەڵام ئێستاکەشی لەگەڵدا بێ لە نێو پەرلەمانی روسیای فیدرالی ئێستاکە دا ، کۆمەنیستە تەقلیدیەکانی بە بیرو باوەر وەک فەتاح ، ئەو ئازادیەی ئەمڕۆی کوردستان بەڕەوا نازانن ، هەردەم لە پەرلەمانی روسیای ئێستادا گفتۆگۆ لەسەر ئەوە دەکەن چۆن چۆنی ئەزموونی ئەمڕۆی کوردستانمان لەناو بەن ، هەربۆیە دەڵێم چۆن بۆ سۆڤیێتی المرحومتان بێهوودەیە ، هەروا بۆ تۆش ئەو هەموو ساڵە ئەو دەهۆڵە دراوە بۆ سۆڤیێتی المرحوم دەکوتی هەر بێهوودەیە ....!!

فەتاح ئاماژەی بەگارۆدی داوە وەکو وابێت هەتا ئێستاش ئەو پیاوە لەسەر ڕێباز و بیروباوەری مارکسیزمی لینینزمی جاران مابێت ، ئەی بۆ باس لەوە ناکات گارۆدی مارکسیزمی ڕەتکردەوە و ستالینیزمیشی مەحکوم کرد و ئیسلامی وەک ئەلتەرنەتیف هەڵبژارد . ئەوکاتەی گارۆدی باوەڕی بە مارکسیزم هەبوو ، زایۆنیستەکانی مەحکوم دەکرد ، هەموو مارکسیستەکانی عەرەب دەیانگوت گارۆدی فەیلەسوفە ، کاتێ لێیان هەڵگەڕایەوە ، هەر مارکسیستە عەرەبەکان بوون دەیان گوت گارۆدی خەڵەفاوە . ئەگەر فەتاح پەیڕەوی هەڵوێستی ئێستای گارۆدی دەکا دەبێت ئیعلانی خۆی بکات . خۆ ناشکرێت لەمەشیاندا بیرو بۆ چوونەکانی گارۆدی فیفتی فیفتی هەڵبژێرێت ، خۆ ئەگەر باس بێتە دژایەتی کردنی جولەکە بە درێژایی مێژوو ، بە هەزاران ساڵ پێش سەرهەڵدانی زایۆنیزم ، ئەوا یەک لەسەر ناو ناکەوێ ، ئەنتی جولەکە لە مێژوو دا لەناو روناکبیران و فەیلەسوف و دەهێنەرانی ئەورویا ئەوەندە زۆرن ، گارۆدی لە چاویاندا دڵۆپێکە لە دەریایەک ، بۆنموونە کەڵە مۆسیقاری سەمفۆنیستی ئەڵمانیایی ریچارد ڤاگنەر دەڵێ : < ڕەگەزی جولەکە دوژمنی سروشتی مرۆڤایەتی و هەموو شتێکی جوانن > . ئەی فەتاح بەرامبەر بەمەیان دەڵێ چی ..؟ ناسیونالیستەکانی فارس و عەرەب و تورک کەمیان لەو جۆرە قسانە بە کورد نەگووتووە لە بابەتی : < وەحشی و جنۆکە و درندە ، یان تورکی چیا و دز و جەردە و ... هتد > . ئەوانەی ئەم قسانەیان کردووە ، خەڵکی کرێکار و جووتیار و ڕەش و ڕووت نەبوون ، بگرە هەموو فەیلەسوف و ئایدەلۆجیست و خاوەن کولتووری بەرز بوون .هەتا ئێستاش هەندێک لە نووسەر و ڕۆشنبیری بە توانا و ناسراوی عەرەب ئینکاری لە جینۆسایدی کورد و هەروا لە کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی گەرمیان و بارزانیەکان و دەفەرەکانی دیکەی کوردستان دەکەن و هەر باوەڕیان بە بوونی کورد و کوردستان نییە . ئەی فەتاح بەوانە دەڵێت چی ..؟

ئەوەی شایانی باسە لە وتاری < بەقسەی کێ پیتەر ڤایس لە سوید ناناسرێت > دا ، دوو باری سەرنجی خۆمم خستبووە ڕوو ، موخابن سەرنجی دووەهەمم لە نووسینەکەمدا بەری بوو ، لێرەدا بە پێویستی دەزانم دووبارەی بکەمەوە و بیخەمە ڕوو .

گەڕانەوەی هەرکەسێک لە ئەورووپاوە مانای ئەوە نییە ، ئەو کەسە هونەر و زانستی ئەمڕۆی ئەورووپای لێ دەبارێت و بەم شێوە سەقەتە پێشوازیان لێ بکرێت ، کە هەنوکە ئەم جۆرە پێشوازییە لە کوردستان بۆتە دیاردەیەکی نێجگار نابەجێ و دزێو . کوردواتەنی : کەر بچێتە بەغدا نابێتە هێستر . دیارە ئەو جۆرە کەسانەی دەگەڕێنەوە بە ئاخاوتن و فەرمایشتەکانیان کە لە ڕاگەیاندنەکانی کوردستاندا ڕایدەگەیێنن ، لە دوو هەفتە زیاتر بڕناکات و هەر زوو دەستیان کەشف دەبێ ، لەو باوەڕەشدام ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی کوردستان لەگەڵ داوای لێبووردنی زۆرم ، ئەوەندە یاغنیش نین ئەو جۆرە کەسانە نەناسن .....!!!

لەدوماهیدا پێویستە ئەوە بێژم لەجیاتی ئەو هەموو گرنگییەی بەو جۆرە کەسانە دەدرێت کە لە ئەورویا دەگەڕێنەوە ، بەتایبەتی ئەوانەی هیچیان بە دەست نەهێناوە . یان پێیان دەووترێت هونەرمەندی دوورە وڵات ، باشتروایە گرنگی بە هونەرمەندە لاوەکانمان بدرێت ، کە هەندێکیان لەوانە بە دید و بۆچوونی نوێوە هاتوونەتە نێوەندە هونەرییەکە و جێ پەنجەشیان بە بزاڤی ئەمڕۆی شانۆی کوردیمانەوە دیارە . گەرەکە ئەو جۆرە هونەرمەندە لاوانە گرنگی زۆریان پێبدرێت ، یان بۆ بەرەو پێشڤەچوونی بەهرەی بەرزی هونەرییان بە نیازی خوێندن ڕەوانەی ئەورویا بکرێن . هەندێک لەوانە هەر بۆنموونە ناویان دەهێنم و بەس ، بەڕێزان < ئەرسەلان دەروێش ، مەهدی حەسەن ، نیازلەتیف ، سەدیق حوسێن و کرمانج مستەفا و... هتد > . ئەو بەڕێزانەی ناوهاتی و ئەو لاوانەی کە ئەمڕۆ لە نێوەندەکە دان جێگەی ئومێدی ئەمڕۆی بزاڤی شانۆی هاوچەرخی کوردین ، گەرەکە لە پێشڤەچوونی بزاڤی ئەمڕۆی شانۆی جیهانیدا بە ئاگا بن و میتود و شێوازی تازەی جیهانی فێر بن ، کە زۆر پێویست و گرنگە بۆ دوای ڕۆژی شانۆی کوردیمان لە کوردستانی ئازاد دا . هیڤیدارم بەرپرس و دەزگا پەیوەندیدارەکانی کوردستان ئەو

پێشنیازەی من بۆ دوارۆژی گەشی شانۆی کوردیمان لەبەر چاو بگرن و لێی بکۆڵەنەوە و ئەو هونەرمەندە هزر و بیر ڕەنگینانە فەرامۆش نەکەن .

---

**ڕوونکردنەوەکی پێویست :** هەر نووسەرێک ئازادە لە چ گۆڤار و ڕۆژنامەیەک یان سایتێکی ئینتەرنێتدا وتار و بابەتەکانی چەند جارێک بڵاوبکاتەوە . بەڵام بە مەرجێک ئاماژە بەم چاپەمەنیانە بدات ، کە پێشتر ئەو بابەتەی تێدا بڵاوکردۆتەوە . ئەم بابەتەش پێشتر لە هەفتەنامەی < ئەدەب و هونەر >ی ڕۆژنامەی برایەتی لە هاوینی ساڵی ٢٠٠١ دا ، لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە . بەڵام مــخابن بەشی دووەم و کۆتایی ئەم بابەتە لەبەر بەرژەوەندی چەند کەسێک کە هەتا هەنوکەش زورنایێکی شکاو بۆ ڕژێمی ستالین دەژەنن ، ئەم نووسینەمیان بە دەستی ئەنقەست سانسۆر کردبوو ،کە خۆم نووسەرەکەی بووم نووسینەکەی خۆم نەدەناسییەوە ، ئێستاکەش مافی خۆمە جارێکی دیکە بەبێ سانسۆر لێرەدا بڵاوی بکەمەوە .

دەربارەی ڕەخنە و گازاندەکانی برای بەڕێزی سەرنووسەری گۆڤاری گزینگ کاک هێرش لە سایتی < کوردستان نێت > دا ، نووسینێکی دژ بە من بڵاوکردۆتەوە ، لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ جەنابیان و ڕەخنە و گازاندەکانیشیان بەسەر چاو ، بەڵام هەوڵدەدەم لە وتاری بەیانیدا هێندێک ڕاستی و زانستی ڕۆژنامەنووسی لەم ڕووەوە بخەمە ڕوو . دوبارە لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستم بۆ کاک هێرشی سەرنووسەری گۆڤاری گزینگ لە شاری ستۆکهۆلم . ( ف . تاهیر ١٤-١٠-٢٠٠٤ ستۆکهۆلم ).